# پۆتانسێلی کرێکارانی نەوت
# لە ڕابەریی چینی کرێکاری عێراقدا بێوێنەیە!

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

بەدوای بڵاوبوونەوەی "ڕەشنووسی یاسای نەوتو غاز" لە سەرەتای ئەمساڵدا، ڕاستەوخۆ کرێکارانی نەوت لەدژی ڕاوەستانو ڕایانگەیاند بەتەواوی ڕەتیدەکەنەوە وە لەپێناوی ئیلغاکردنەوەیدا دەستئەدەنە خەباتێکی بێووچان. سەرەتا یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی نەوتی بەسرە کۆنگرەی سێهەمی خۆی گرێدا لەژێر شیعاری "گێڕانەوەی ژیان بۆ قیتاعی گشتی هەنگاوێکی موهمە بۆ وەستانی خسوسیکردن" بە سەرۆکایەتی بەڕێز "حسن جمعە" سکرتێری یەکێتییەکە وە بە ئامادەبوونی بەڕێز "صبحی البدري" سەرۆکی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکانی عێراق. لە کۆنگرەکەدا چەند ووتاری گرنگ خوێنرانەوە کە ڕەخنەیان ئاراستەی یاسای نەوتو غاز کردو داوایانکرد لە حکومەتی مالکی کە بڕیاری لەسەرنەداو ڕێگەنەدات بە خسوسیکردنی قیتاعی نەوتی.

بەدوای کۆنگرەدا شاری بەسرە لەلایەن یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی نەوتەوە بوویە شانۆی مانگرتنو خۆپیشاندانو نارەزایەتی جۆراوجۆرو بەردەوامی کرێکاران لەدژی ئەو قانوونەو داواشیانکرد وەزیری نەوت دەبێ لاببرێت. "حسين الشهرستاني" وەزیری نەوتی حکومەتی مالکی دوای ئەوەی هەوڵەکانی شکستی هێنا بۆ بەرگرتن بە نارەزایەتی کرێکارانی نەوتو قبوڵکردنی یاساکە لەلایەن یەکێتی نەقابەکانی نەوتی خوارووەوە، داوای لە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق کرد کە داوای یاسایی لە دژی "حسن جمعة" سکرتێری یەکێتی نەقابەکانی نەوتی نەوتی جنوب وە "صبحي البدري" سەرۆکی بەرەی وەستانەوە لەدژی یاسای نەوت وە سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرەی ئازادی عێراق هەروەها "عبدالكريم عبدالسادة" ناسراو بە"ابو وطن" جێگری سەرۆکی یەکێتی شوراو نەقابەکانی عێراقو چەند ڕابەرێکی کرێکاری دیکە تۆماربکات. شەهرستانی ئەم ڕابەرانەو یەکێتییەکانیان بە نایاسایی دادەنێتو لەم ڕێیەوە دەیەوێت گوشاریان بۆ بهێنێت تا لەدژی تمریرکردنی یاسای نەوت نەوەستنەوە. ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیانە تائێستا بەردەوامەو لە پەرەسەندندایەو بۆتەهۆی دواخستنی بڕیاردان لەسەر یاساکەو جەبهەیەکی فراوانی لێکەوتۆتەوە بۆ پشتیوانی لە بڕیاری کرێکارانی نەوت.

ئەم ڕاچەنینەی کرێکاری نەوت لەدژی سیاسەتی ئیستیعماری ئەمریکا بۆ دزینی سەروەتی نەوتیی وولات بەلێدانی شەیپۆڕی هاتنەمەیدانی چینی کرێکاری عێراق دائەنرێ لەپێناوی موداخەلەی مەسئولانەی ئەو چینە لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگاکەیدا!

هەروەها لە سەرەتای مانگی سێپتێمبەریشدا یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکانی عێراق لە هۆڵی یانەی وەرزشی شەریکەی نەوتی خواروو لە گەڕەکی ئەلرەباتی شاری بەسرە کۆنگرەی خۆی گرێدرا لەژێر دروشمی"یاسای نەوتو گاز، قانوونی دزینو پایماڵکردنی سەروەتی نەوتییە" کە لەوێدا بە تەوژمێکی باشترەوە ڕابەرانی کرێکارانو یەکێتییەکانیان ڕەخنەیان ئاراستەی یاسای نەوت کردو هەرەشەی بەستنی بۆرییە نەوتییەکانیان کرد لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەو ڕەشنووسەدا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە. جێگای باسە کە یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکانو ڕابەرانو نوێنەرانی یەکێتی نەقابەکانی نەوتو نەقابەی گشتی شەریکەی بەندەرەکانی عێراقو نەقابەی گشتی کرێکارانی کشتوکاڵیو مەوادی خۆراکیو نەقابەی گشتی کارەبا وە نوێنەرانێک لە مەکتەبی تەنسیقی کاری هاوبەش لە بەسرەو ژمارەیەک لە کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکانەوە، سەرەڕای نوێنەرانی ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بوون.

هەر ئێستا لە ئاستی شارەکانی بەغداو بەسرەو چەند شاری تری خوارووی عێراق جموجووڵو حەملەی ناڕەزایەتیو مانگرتنو تەحەسون بەردەوامە بەبۆنەی چوارەمین ساڵی بەرپابوونی جەنگی ئەمریکا بۆ سەر عێراق وە لەدژی قانوونی نەوتو بۆ دیفاعکردن لە ڕابەرانی یەکێتییە کرێکارییەکانو خەباتو هەڵسووڕانی جەماوەریان. لەدەرەوەی وولاَتیش ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو لیژنەی دەرەوەی کۆنگرەی ئازادی عێراق کەمپینێکی نارەزایەتیو ڕاکێشانی هاوپشتی جیهانییان دەسپێکردووە بۆ دیفاع لە بزووتنەوەی کرێکاری عێراق بۆ شکستپێهێنانی ئەو یاسایە.

ڕووبەڕووبوونەوەو وەستانەوەی کرێکارانی نەوتی بەسرە لەگەڵ ئەمریکاو حکومەتی مالکیدا بەمەبەستی شکستپێهێنانو بەتاڵکردنەوەی "ڕەشنووسی قانوونی نەوتو غاز" بە هاوکاریو موداخەلەی بێدریغی "کۆنگرەی ئازادی عێراق"و "یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان"و "بەرەی وەستانەوە لەدژی یاسای نەوتو غاز"، لەگەڵ ئەمریکاو حکومەتی مالکیدا کە هاوپشتیو هاودڵی گرنگترین نەقابە کرێکارییەکانی وەکو "نەقابەی بەندەرەکان"و "نەقابەی کشتوکاڵو مەوادی خۆراکی"و "نەقابەی گشتی کارەبا"و بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی بەشەکانی دیکەی چینی کرێکاری عێراقی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، چەند حەقیقەتی بنەڕەتیی تەئکیدو دووپاتکردەوە.

لەگەڵ یەکەمین نمایشی ناڕەزایەتی کرێکارانی نەوتدا لە هەموو شوێنێک سەرەکان ڕوودەچەرخێننو نیگاو سەرنجەکان ئەگیرسێنەوەو دائەکوترێن. ئەوە کرێکارانی نەوت ڕاچڵەکین، ئایا سەرەتای گۆڕانێکی نوێو جیاواز دەسپێئەکات لە عێراق! ئەمە تەنها پرسیاری ئەو کەسانە نییە کە تامەزرۆی ئازادین، پرسیاری هەمووانە. ئاخر هەموو کەس جێگاوڕێگای پڕبایەخی کرێکارانی نەوت دەزانن لەناو ئابووری عێراقدا، هەموو لایەک مەوقعییەتی بێوێنەی کرێکاری نەوت لە ڕەئسی بزووتنەوەی کرێکاری عێراقدا دەسەلمێنن، هەموومان قودرەو پۆتانسێلی ئەم بەشەی چینی کرێکار دردکەکەین.

سەرەڕای ئەوەی تۆزوغوباری تەبلیغاتی دژی سۆشیالیستیو دژی کرێکاری بلۆکی ڕۆژئاوا کە بە دارمانی بلۆکی سۆڤێتی جاران دەستیپێکردبوو بۆ نادرووست لەقەڵەمدانی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاریو خەباتی سۆشیالیستی بۆ ئاییندەیەکی باشتر هێشتا بەتەواوی نەڕەویوەتەوە، بەڵام هێشتاش لە چاوی هەمووانیدا کرێکارانی پیشەسازی نەوت "پێشڕەوی سەرسەختی" خەباتە لە پێناوی ئازادیدا لە عێراق. خەباتی حەقیقیش بۆ ڕزگاریو ئازادی لەم وولاَتەی کە زیاتر لە چوار ساڵی ڕەبەقە لەناو گێژاوی ئامانجو سیاسەتە داگیرکاریو دژی ئینسانییەکانی ئەمریکاو کێشمەکێشو دەعوای تائیفیو قەومیو عەشیرەیی لایەنەکانی دەخیلو دەسەڵاتدار تیایدا دەسووڕێتەوەو لە حاڵەتی کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ چۆتەدەرو گۆڕاوە بۆ ساحەیەکی لەباری جەنگو یەکتربڕینەوەی قەومیو تائیفیو گەشەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی وە کاریگەریشی بەسەر تەواوی ناوچەکەوە بە ڕوونی دەبینرێ، دەتوانێ بەم نمایشەی کرێکارانی نەوت پێبنێتەمەیدان وە سەرتاپای پەروەندەی وەزعی مەوجودی ژێرسایەی ئیحتلالی ئەمریکی بباتە بەردەم پرسیاری هەموو چینی کرێکارو کۆمەڵگاوە، بە ڕابەیی خۆی بانگەوازی هەردوکیان بکات بۆ هاتنەمەیدانو دەخالەتکردن لە چارەنووسو ئاییندەی کۆمەڵداو بەمجۆرە داوای هاوپشتی کۆمەڵی مرۆڤایەتیش نیشانبدات.

ئێستا ئیتر کەس نەماوە شکستی سیاسیو ستراتیژی ئەمریکا ڕەتکاتەوە. تەنانەت بە ئاشکرا کۆنگرێسی ئەمریکی باسی چۆنێتی کەمکردنەوەی زەرەروزیانی ئەو شکستە دەکەن. ئەو هێزەی وا چوار ساڵ بەرلە ئێستا بە خوێنساردییەکی بێوێنەوە گوێی نەگرت بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو مرۆڤایەتیش، درێژەی بەسەرکێشی خۆیداو بەبیانووی لابردنی خەتەری سەددامو چەکی کۆکوژو لەناوبردنی تیرۆریزمی ئیسلامییەوە، جەنگی هەڵگیرساندو بەبەرچاوی دنیاوە کۆمەڵگای عێراقی نابووتکردو گەڕاندییەوە بۆ سەد ساڵ دواتر، ئێستا نەک هەر ناتوانێ هیچ لە دۆخەکە بگۆڕێت، بەڵکو دەبێ ڕێگای گەڕانەوەو هەڵاتن پەیدابکات! بەدوای ئەمەدا ئێستا هێزو لایەنو کاراکتەری نوێ ئامادەبوونو دەبن. دۆخەکە ئاڵۆزترو

عاسیتر بووەو دەبێ. درووست لەم ساتەدا کە ئەمریکا دەیەوێ لەڕێگای بردنەبەرەوەی قانوونی نەوتو گاز لەناو پەرلەمانی عێراقیدا دەستی لە بەشی هەرەگەورەی سەروەتی نەوتیی عێراق گیربکاتو بەڕێگای یاسایی گوایا دەرهێنانی نەوت مۆدێرنتر بکات، کرێکارانی نەوت هاتنەدەستو ووتیان ؛ نەخێر!! ئیتر ڕێگانادەین دەست لە کاروباری شەرەیانی ئابووری کۆمەڵ بدەیت. ئەو قانوونە شکست پێدێنینو کۆمەڵگاش بانگەواز دەکەین بۆ هاتنەمەیدانی خەباتکارانە بۆ ئەوەی بەتەواوی کۆتایی بە ئیحتلال بهێنین لەڕێی کردنەدەرەوەی هێزەکانتانەوە. ئەمەش دەرگا دەکاتەوە تا خەڵکی عێراق بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەدەوری بەدیلی ئینسانیو سەردەمیانە خۆیان ڕێکخراوو یەکگرتووبکەن. پۆتانسێلی کرێکارانی نەوت لەمەدا بەرجەستەدەبێو بەگوێرەی جێگاوشوێنی خۆی لە کۆمەڵو لە ئابووریدا دەتوانێ بە تەواوی دۆخەکە لە بەرژەوەندی کرێکارو خەڵکو کۆمەڵگای شارستانی هەڵگێڕێتەوە. ئەم نماییشەو ئەم خەباتەی کرێکارانی نەوتی عێراق شایانی هەموو جۆرە پشتیوانیو دیفاعێکی ئازادیخوازانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. چونکە ئەم تەکانەی کرێکاری نەوت لەناو گێژاوی نائەمنیو جەنگو سەرگەردانیدا دەتوانێ ئاسۆی واقعی کۆتایی دۆخەکە لە گۆشەنیگای کرێکارو سۆشیالیزمەوە بخاتە بەردەم کۆمەڵگا.

2007/9/29